حكومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی پەروەردە
نووسینگەی وەزیر

حكومة إقليم كوردستان- العراق
مجلس الوزراء
وزارة التربية
مكتب الوزير

ISO 9001 : 2015

ژمارە : ٣٥٩
ڕێکەوت: ٢ / گەلاوێژ/ ٢٧٢٣ کوردی

العدد: ٣٥٩
التأريخ: ٢٤ / ٨ / ٢٠٢٣

وەزارەتی پەروەردە
نووسینگەی وەزیر
Ministry of Education

**بۆ/ بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی پەروەردەی (هەولێر، سلێمانی، دهۆک، هەڵەبجە، گەرمیان، زاخۆ، سۆران، ڕاپەرین، خوێندنی کوردی لە کەرکوک)**

**بابەت / ڕێنمایی کردنەوەی باخچەی منداڵان لە قوتابخانە بنەڕەتیەکان**

قوتابخانەی بنەڕەتی بۆی هەیە باخچەی منداڵان بکاتەوە لە هەمان بینای قوتابخانە بۆ منداڵانی تەمەن (٤) ساڵ و (٥) ساڵ بەم مەرجانەی خوارەوە:

١- قوتابخانەکە شوێنێکی گونجاوی هەبێت بۆ باخچەی منداڵان و لە بینای بنەرەتی جیا بکرێتەوە، بەمەرجێک ژووری هەبێت نەک بەکارهێنانی کابینە.

٢- قوتابخانە بنەڕەتیەکە تایبەت بێت بە قۆناغی ١-٦ .

٣- دەوامی باخچەکە لەگەڵ بازنەی یەکەم بێت ئەگەر قوتابخانەکە دوو دەوام بوو.

٤- مامۆستای قۆناغی بنەڕەتی پێویست و بەردەست هەبێت بۆ کردنەوەی باخچەی منداڵان، باشتر وایە مامۆستای دەرچووی بەشی باخچە یان پەروەردەی بنەڕەت بێت.

٥- هەمان بەڕێوەبەری قوتابخانە دەبێتە بەڕێوەبەری باخچەی منداڵان، هەروەها دەکرێت یاریدەدەرێک سەرپەرشتی ئیشوکاری باخچەکە بکات بەگوێرەی یاسا و ڕێنماییەکانی باخچەی منداڵان.

٦- ناوی قوتابخانە بە هەمان ناو دەمێنێتەوە تەنها ناوی باخچە لەگەڵیدا زیاد دەکرێت بۆ نموونە دەنووسرێت (باخچە و قوتابخانەی ......).

٧- وەرگرتنی منداڵان بەپێی یاسا و ڕێنماییەکانی وەرگرتن لە باخچە دەبێت.

٨- پرۆگرامی خوێندن هەمان پرۆگرامی باخچەی منداڵان دەبێت کە لە باخچەکانی هەرێمی کوردستان دەخوێندرێت.

٩- مامۆستایان هەمان بەشە وانە وەردەگرن کە لە باخچەکاندا کاری پێدەکرێت بەگوێرەی خشتەی بەشەوانەکان.

**ئالان حمەسعید صالح**

**وەزیری پەروەردە**

**٢٠٢٣ / ٨ / ٢٤**

وەزارەتی پەروەردە
نووسینگەی وەزیر
Ministry of Education

**وێنەیەک:**

- نووسینگەی بەڕێز وەزیر / لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی بەڕێز بریکاری وەزارەت / لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی بەڕێز ڕاوێژکاران / لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی فێرکردنی بنەڕەتی و باخچەکانی منداڵان / بۆ کاری پێویست و بەدواداچوون.
- خولاو